# نابێت ئێریترۆمایسین بدرێت بە ئافرەتی دووگیان !!

توێژینەوەیەکی نوێی سوێدی کە لە نێوان سالآنی 1995– 2002 دا ئەنجامدراوە و 1844 ژنی دووگیانی لەخۆگرتبوو لە گۆڤاری پزیشکی Reproductive Toxology دا بلآوکراوەتەوە ، کە ئەو ژنانەی لە کاتی سکپڕییاندا دەرمانی ئێریترۆمایسین یان خواردبوو ، 31 مندالّی ئەو دایکانەی سەرەوە تووشی جۆرێك لە سەقەتبوونی بۆریەکانی خوێنی دلّ بوون .

پاش بلآوکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە بەرپرسانی سویدی سەرقالّی ئەوەن کە بڕیاربدەن چی دی دەرمانی ناوبراو نەدرێت بەو ژنانەی دووگیانن بە تایبەتی لە یەکەم 12 هەفتەی سکپڕییاندا بە مەرجێك ئێریترۆمایسین زۆر پێویست نەبێت بۆ سۆی ژنەکە .

ئەوەی شایانی باسە ئەمە یەکەم توێژینەوە نییە لە مەڕ ئێریترۆمایسین کە دەبێتە تێکچوونی بۆریەکانی خوێنی ئاولەمە بەلّکو پێشتریش توێژینەوەی دی لەمەڕ ئەم بابەتە ئەنجامدراوە بەلآم ئەم جارەیان ئەنجامەکە زێدەتر روونتر وجیاوازترە .

وا دەردەکەوێت کە دەرمانی نێوبراو دەبێتە هۆی وەستاندنی ئەو خانانەی کە ریتمی دلّ رێك دەخەن .

تاقیکردنەوەکانی سەر ئاژەلّ سەلماندوویانە کە دەرمانەکە دەبێتە هۆی نارێتمی دلّ و لەبەرئەوەیە دەبێتە لە کاتی دروست بوون یاندا دەرمانەکە دەبێتە هۆی تێکدانی بۆریەکانی خوێنی دلّ بە تایبەتی پێش ئەوەی تەمەنی ئاولەمە بگاتە هەفتەی 12 .

ئاسایی لە نێوان 100–120 مندالآندا تەنیا یەکێکیان تووشی ئەو گرفتە دەبن . بەلآم ئەو مندالآنەی کە دایکیان لە کاتی سکپڕییاندا ئێریترۆمایسین یان خواردووە رێژەکە بەرزترە و دەگاتە 50 مندالّ .

خۆشبەختانە پاش لە دایکبوونی مندالّ راستەوخۆ ئەو سەقەتییە دەناسرێتەوە و زۆرجاران نەشتەرگەری بۆ مندالّەکە دەکرێت .

**سەرچاوە**

1. Vanligt antibiotikum skadar foster. Dagens Nyheter. Sidan 8. 050711. (C)